# با ئەم سەدەیە بکەینە سەدەی چارەسەرکردن

نووسینی : Dalai Lama

وەرگێڕانی : ڕزگار عومەر



هێزە دڕەندەکان ،قەت ناتوانن ئۆمێدی ئینسان بۆ ئازادی تێک بشکێنن . مارشی هەزار بە هەزاری جەماوەر،لەشارەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لەم چەند دەیەی دووایدا،لە گەڵ پێداگری چاونەترسانەی هاونیشتیمانانی وڵاتەکەی ئەوێم"تیبت"،لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی "بۆرما" شایەتحاڵی زۆر بە هێزی ئەم ڕاستیەی سەرەوەن.

ئازادی سەرچاوەی بەهێزی داهێنان و گەشەی مرۆڤە،بە پێچەوانەی سیستەمە کۆمۆنیستەکان کە پێیان وابوو،دابین کردنی نان و ماڵ و جل وبەرگ بەسە.ئەگەر هەموو ئەوانەشمان هەبێ،بەڵام شنەی ئازادیمان نەبێ کەناخی قوڵی سروشتی مرۆڤ بوونمان تێر دەکا،وەکو ئەوە وایە هەمووومان نیوە مرۆڤ بین.

لە ڕابردوودا زوڵم و ستەم لە خەڵکی،زۆرجار ناچاری کردون،لە تێکۆشانیان بۆ شادبوون بە ئازادی پەنا ببەنە بەر توندو تیژی.بەڵام مرۆڤی نمونەیی لە بابەتی "مەهاتما گاندی" و "مارتن لۆثەر کینگ" بە ئێمەیان نیشاندا ،گۆڕانکاری سەرکەوتوو لە ڕێگای ناتوندوتیژیەوە بەدەست دێ.من لەو بڕوایەم،لە ئاستێکی سادەدا زۆربەمان خۆزگە دەخوازێ ئاشتیخوازبێ ، لە ناخی ناخمانەوە رقمان لە وێرانکاریەو ،حەزمان لە نما کردن و باڵاکردنی بەروبومەکانە.

زۆربەی خەڵک هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دەبێ توندو تیژی لەکۆمەڵگەدا نەهێڵێن،ئەگەر بەڕاستی ئێمە جدین لەوبوارەدا،دەبێ مامەڵە لەگەڵ ڕەگەکانی توندوتیژی بکەین،بەتایبەتی ئەو ڕەگانەی لە ناخی خۆماندا بوونی هەیە. ئێمە پێویستمان بەوەیە قەناعەت بە "چەک داماڵینی" ناوەوەی خۆمان بکەین،پێویستمان بە نەهێشتنی هەڵچوون و داچوونەکانی : گومان ،ڕق لێبوونەوە ،دوژمنکاری لە ئاستی براکان و خوشکەکانمان هەیە.

لەوە زیاتر،ئەبێ سەر لەنوێ ئەوە تاقی بکەینەوە،کە چۆن بەستراوین بە پرسیارە زۆرەکانی ئەمڕۆی بەکارهێنانی توندوتیژی لە ئاڵۆزیە بەردەوامەکانی دونیادا.یەکێک لەوانەیە وا بیرکاتەوە،کە کەسێک دەتوانێ بە پەنابردن بۆ هێز،کێشەیەک بنەبڕ بکا،بەڵام چارەسەرێکی لەو بابەتە،زۆربەی جارەکان بە خواردنی ماف و بژێوی خەڵکی تر تەواو دەبێ و تۆی کێشەیەکی تر لەگەڵ خۆی دەچێنێ ،واتە سەرلەنوێ واڵا کردنی وەرزێکی تازە لە دووبارە بونەوەو ژماردنی توندوتیژیدا.

لە سەرکەوتنی شۆڕش لە چیکۆلۆسۆڤاکیای پێشوو،تا دەگاتە بزوتنەوەی ناسراوی پرۆدیمۆکراتی لەفیلیپین،دونیا ئەوەی بینی کە چۆن نزیک بوونەوە لە ڕێبازی ناتوندوتیژی دەتوانێ ڕچەشکێنی گۆرانکاری گەورە بکا لە سیاسەتدا. بەڵام،کاری ڕەسەنی ناتوندوتیژی هێشتا لە گاگۆڵکێ ی ئەزموندایە،ئەگەر ئەم ئەزمونانە سەرکەتووبێ ،دەتوانێ دەرگا لە دونیایەکی پڕ لە ئاشتی بکاتەوە.ئێمە پێویستمان بە شوێن کەوتنێکی واقیعی تر هەیە بۆ نزیک بوونەوە لە قەیرانەکانی مرۆڤ ، نزیک بوونەوەیەک کە لە تۆن و ئاوازی خۆجیاکردنەوەیەکی قوڵ دایە لە گەڵ دونیای کۆن ،دونیایەکی کۆن کە بە شێوازی " ئێمە " و "ئەوان " دەدوێ.

هەموو بۆچوونەکانی سەرکەوتنی یەکجارەکی لایەنێک،ژێرکەوتنی سەرتاپای لایەنێکی تر،تیئۆرێکی بێ بنەماو دوور لە ڕاستیە.لە قەیرانەکانی توندو تیژیدا،هەمیشە خەڵکی بێ تاوان یەکەمین قوربانیەکانن ،هەروەکو شەڕ لە عێراق و "دارفور "ی سودان بە حەسرەتەوە بە بیرمان دێنێتەوە.ئەمڕۆ تاقە ڕێگاچارەی مومکین بۆ قەیرانەکانی مرۆڤ ،لە ڕێگای دایلۆگ و سەرلەنوێ لێدوان وئامۆژگاریەوە بە دەست دێ،ئامۆژگاریەک کە پشتی بە سۆزو بەزەییەوە بەندە.

سەدەی بیست سەدەی حەمامی خوێن بوو ، سەدەی 21 یەکیش ئەگەرچی دەست پێکردنەکەی گومان و دوودڵیە،بەڵام ڕێ ی تێدەچێ ببێ بە سەدەیەک لە دایلۆگ ،سەدەیەک پڕ لە سۆزو بەزەیی،سەدەیەک کە تۆی ناتوندوتیژی بە هەموو سوچێکدا چەکەرە بکات و بڵاو ببێتەوە.

❊ ❊ ❊

تێبینی :-

1- بۆ پاراستنی مۆسیقاو ئاوازی ئەم نووسینیەی "دەلی لاما" خۆم پاراستووە لە وەرگێڕانی حەرفی ومیکانیکی ،بۆ ئەوەی جوانی دەقەکە وون نەبێ.

2- ناونیشانی نووسینەکەم کورت کردۆتەوە.

3- بۆ خوێندنەوەی دەقی ئینگلیزی ئەم نووسینە،بنۆڕە :-

The Province. Daily news peper. Page A24, sunday, october 21, 2007